# با بچینەوە کوردستان

کارێکی ئاسان نیە بۆ زۆربەمان کە بتوانین بە چەند ڕستەیەك یان بە چەند خولەکێك ، باسی کەڵەپیاوێك بکەین کە تەواوی ژیانی پڕ بوویێت لـە کارەسات و نەهامەتیی و دەربەدەریی و گرتن و ڕاونان و دورەوڵاتیی. بەڵێ .. باسکردنی خەسڵەتەکانی پیاوێکی سیاسی ، ئەدیب ، ڕۆژنامەنوس ، ڕووخۆش و کۆمەڵایەتی ، ئەویندارى نەتەوە و خاك و نیشتمان ، چەوساوە و هەژارانی گەل ، ئاسان نیە.

کاك کەریمی حیسامیی ئەوەندە ڕووخۆش و میهرەبان بوو کە هەست ناکرێت بەجێیهێشتبین ، وتە بەنرخە سیاسی و کوردایەتی و مرۆڤایەتییەکانی هەمیشە ئەزرنگێتەوە لـە گوێی زۆربەماندا ، نوسینە بەپێزەکانی و بە تایبەتیی لـە بواری سیاسی و کوردایەتیدا بەشێکن لـە ماتێریالـی ڕۆشنبیریی و هۆشی نەتەوایەتی گەلـەکەمان.

یەکێك لـە خەسڵەتە بەرزەکانی کاك کەریم بریتی بوو لـە ڕاستگۆیی ، نەك هەر لـە گفتوگۆدا بەڵکوو بە نوسین و بە کردەوەش ، ئەوەتا هەموو سیاسییەکی کورد ئەو ڕاستییەی لـەلا ئاشکرایە کە لـەسەر ئەو خەسڵەتەی بوو ڕێگای تێکۆشانی سیاسی و خەباتی ڕۆژانەی پڕ بوو لـە کۆسپ و تەگەرە ، نەك هەر لـە لایەن دوژمنانی کوردەوە ، بەڵکوو لـەلایەن کەسانێکیشەوە کە لـە ئاستی ئەو ڕۆشبیریی و خەسڵەتانەی ئەودا نەبوون.

لاوانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو بە کاروانێك لـە شەهیدانەکەی کاك کەریم گۆشە بوون ، ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانیی و لـە دەوری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات کۆببنەوە و بەرهەمەکانی تری بەشدارییان کرد لـە هۆشیاریی لاواندا.

کاك کەریم بە وەرگێڕانی (دایك)ی مەکسیم گۆرکی و ژیانی لینین و کردەوەکانی ، خوێنەرانی کوردی ئاشنا کرد بە ئەدەبی ڕیالیزم و سۆشیالیزم و خەباتی چەوساوە و کرێکار و جوتیارانی گەلان.

کاك کەریم هەمیشە باوەڕی بەرزی بە گەلـەکەی و هێزە نیشتمانییەکانی هەبوو ، لـەگەڵ هەموو کەموکورییەکانیشدا ، ئەوەتا لـە نامیلکەی سەفەر بۆ کوردستاندا دەربارەی ڕاپەڕین و ڕامالینی بەعسی فاشست لـە خوارووی کوردستاندا ئەڵێ:

لـە مێژووی خەباتی خوێناویی نەتەوەکەماندا ، بۆ هەوەڵ جار هەل و مەرجێکی لـەبار هاتووەتە پێش. ئەگەر بە ژیریی و لێزانیی کەڵکی لـێ وەربگیرێ ، ئەگەر هەموو هەوڵ و تێکۆشانێك بە دڵسۆزیی ، دور لـە ململانێی حیزبایەتی و ئارەزووی شەخسیی ، بۆ پاراستنی دەستکەوتی نەتەوەیی و بەرژەوەندی گشتیی مەسەلـەی کورد بێتە کایەوە و بەکاربهێنرێ ، بێگومان ئەو میللـەتەی کاروانی خەباتی ڕزگارییخوازیی

گەیاندووەتە ئەم قۆناغە ، لە توانایدا هەیە بەرەو سەرکەوتن و ڕزگاریی یەکجاریی بۆ پێشەوەی بەرێ و بیگەیەنێتە دوا قۆناغی حەسانەوە و بەختەوەریی.

بەڵێ .. کاك کەریم بەو شێوەیە باوەڕێکی بەرزی بە گەلەکەی هەبوو ، بێگومان ئەو باوەڕە پتەوەشی بە گەلەکەی لەو سەرچاوەیەوە هەڵقوڵیوە کە خۆی زادەی ئەم گەلەیە و گەلێکیش کە هەزاران تێکۆشەر و ڕۆشنبیری وەك ئەوی پێگەیاندبێت ، ئاسۆی سەرکەوتنی دیارە ، جا زوو یان درەنگ.

کاك کەریم جگە لە خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کاری وەرگێران و بەرهەمی ئەدەبیی ، ڕۆژنامەنوسێکی ماندوویی نەناسیش بوو ، مەگەر کەم کێشەی سیاسی و کوردایەتی هەبێت لەم سەردەمەدا کە بەشدارییەکی ئەووتۆی تیادا نەکردبێت چ بە نوسین یان بە کۆڕ و سیمینار.

یان بە دەنگە زوڵاڵەکەی ساڵانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوو ، لە ڕادیۆی (یەکی ئێران)ەوە ، کە جەماوەرێکی زۆری لە گەورە و بچوك هۆگر کردبوو ، بە نهێنی و بە شەوقەوە چاوەڕێی بیستنی هەواڵەکانی ناوچەکەیان ئەکرد.

جگە لەوەی کە بەشداریی لە دەرکردنی چەند بڵاوکراوەی حیزبییدا کردووە و هەمیشە لە نوسینی بابەتی هەمەجۆرەدا بەردەوام بووە بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان ، هەر کە مافی پەنابەرییشی وەرگرت لە سوید ، زوو دەستی کرد بە دەرکردنی مانگنامەی (سەردەمی نوێ) کە لەڕاستییشدا وەرچەرخانێك بوو لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا و سەردەمێکی نوێ و گۆڕانکارییەکی نوێ بوو ، لەو سەردەمەدا تەنیا بڵاوکراوەیەکی ناحیزبیی بوو لە دەرەوەی وڵاتدا ، جگە لەوەش کە بە ژمارەیەکی بەرچاو چاپ و بڵاو ئەکرایەوە لە دەرەوەی کوردستان و بە نهێنیش لێی ئەگەیشتەوە کوردستان.

بە دەرکردنی پەنجا و چوار ژمارەی سەردەمی نوێ ، کاك کەریم کەلێنێکی گەورەی پڕکردەوە لە ڕۆژنامەگەریی کوردییدا و بەرەو پێشبردنی بۆ قۆناغێکی نوێ.

گۆڤاری بەربانگ شانازیی بەوەوە ئەکات کە کاك کەریم هەمیشە ئامادە بووە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکات ، گەشبین بوو بەرامبەر بە فیدراسیۆن و هەمیشە خۆشحاڵیی خۆی لەوەدا دەرئەبڕی کە ئەو هەزاران کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە لە دەوری فیدراسیۆن کۆبوونەوتەوە.

دوا وتاری نوسراویشی لە ژیاندا لە بەربانگی ژمارە ١٢٠ دا بڵاوبووەوە کە دەربارەی یادی ١٠٣ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردییە. لەو وتارەیدا بە داخ و پەژارە و دڵی پڕ لە حەسرەتەوە ئەڵێ:

ڕۆژنامەگەریی کوردیی هێشتا بە دەست حیزبەکانەوە زەلیلە و بە ئیجباریی دەبێ بیروبۆچوونی حیزبە سیاسییەکان بڵاوبکاتەوە و لاپەڕەکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی حیزبایەتی تەسکدا ، ڕەش بکرێنەوە.

لەگەڵ ئەو داخ و پەژارەیەشیدا وەك هەردەمەی خۆی و خەسڵەتە کوردایەتییەکەی ، بێ ئومێد و ورە نیە و لە کۆتاییدا ئەڵێ: لە یادی سەد و سێ ساڵەی دەرچوونی هەوەڵین ڕۆژنامەی کوردییدا ، دەبێ ئاواتی

ئەوەمان هەبێ کە لـە کوردستان و لـە نێو حیزبە کوردییەکانیشدا ڕۆژنامە بە ڕاستیی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم و ڕۆژنامەنوس و نوسەر و ڕوناکبیری کورد بتوانن بەبێ سانسۆر و ترس و دڵەڕاوکە بە ئازادیی تێیدا بنوسن و بیروڕای خۆیانی تێدا بڵاوبکەنەوە.

خۆشەویستیی نیشتمان و گەل کاك کەریمی کردبوو بە دێوانە و هەمیشە بە پەرۆشەوە بووە بۆ هەڵمژینی هەوای سازگاری کوردستان و بینینی شاخ و دۆڵ و هەردی.

ئەوەتا لـە نامیلکەی (سەفەر بۆ کوردستان)دا لـە سەرەتاکەیدا بەناوی با بچینەوە بۆ کوردستان ، ئەڵێ:

وشەیەکی جوان و ئاواتێکی پیرۆزە. بە تایبەت بۆ کەسێك کە چل پەنجا ساڵی تەمەنی خۆی لەپێناوی ئازادیی نیشتمان و خێر و خۆشیی زەحمەتکێشان و نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەوەدا بردبێتەسەر.

لـە ئەنجامی خەبات و تێکۆشاندا ، بە ناچاریی دەربەدەر کرابێ و لـە گەل و نیشتمان دورخرابێتەوە.

هیچ شتێك لـە گەڕانەوە بۆ وڵات و دیتنی چیا و کەژ و مەزرای ڕەنگین و کانیا و ڕوباری سازگار و لـە دیداری دۆست و برادەری دڵسۆز و یاری وەفادار و میللـەتی فیداکار خۆشتر و بەتام و چێژتر نیە.

لـە هەمووی خۆشتر و دڵڕفێنتر ئەوەیە ، کاتێ تۆ ئاوارە کرابی ، نیشتمانەکەت ژێردەست و داگیرکراو بووبێ و کرابێتە مەیدانی ڕاوڕاوێنی لەشکری دوژمنان و شار و گوند و ئاوایی وێران کرابن و ڕەز و باخات و لێرەواری سوتێنرابن و بە بەر چاوی دەوڵـەتانی (دیموکرات و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵی دەوڵـەتە یەکگرتووەکانەوە) بە گازی کیمیایی بۆمبباران کرابێ ، بەڵام ئێستا لـە شوێنەواری دەسەڵاتی دوژمنی دڵڕەش و خوێنڕێژ پاك کرابێتەوە و ئازاد کرابێ ، دەسەڵات کەوتبێتە دەست نەتەوەکەت و بەسەر چارەنوسی خۆیدا زاڵ بووبێت.

گەڕانەوە بۆ کوردستانێکی ئاوا ، ئەگەر بە سەردان و بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ ، ڕەنگە لـە پیرۆزیی و خۆشیدا لـە زیارەتی مەککەی موکەرەم و مەدینەی مونەوەرە نەمێنێتەوە.

بەڵێ .. کاك کەریم ئەویندار بوو .. ئەوینی کورد و کوردستانەکەی .. ئەو ئەوینەی کە بۆ تەنیا چرکەیەکیش لـە ژیانیدا لێی دور نەکەوتەوە.

گومان لەوەدا نیە کە سەردەمی بەدیهێنانی ئاواتەکانی کاك کەریم و کاروانی نەمرانی کورد و کوردستان ئاسۆی دیارە و ڕۆژێك ئەبێت کە ڕۆحی پیرۆزی بە باوەشی (بەیرەم) و کوردستانەکەی شاد ببێتەوە.

سڵاو لـە ڕۆحی شیرینت کاکە کەریم.

کەلێنێکت بەجێهێشت کە هەروا بە ئاسانیی پڕناکرێتەوە.

گەنجینەی زانیاریی و یادگارێك بەجێهێشت کە بە چەندان نەوە لەبیر ناچێتەوە.

گۆڤاری بەربانگ – فیدراسیۆن

١٤-١٠-٢٠٠١